## وەرزشکارە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ساڵێکە لە چاوەڕوانی دروست کردنی هۆڵدان

هەرچەندە وەرزشـــکارە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کە چینێکی گرنگی نێو کۆمەڵگان و لە ئێستاشدا ژمارەیەکی زۆری یاریزانە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان خەریکی ئەنجامدانی وەرزشە جۆراوجۆرەکانن لەشارەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بەڵێنیان پێ دراوە کەچی هۆڵێکی وەرزشـــی تایبەت بەخۆیان نییە بۆئەوەی چالاکییە وەرزشییەکانی ئەنجام بدەن، ماوەی ساڵێکیشە لە چاوەڕوانی دروســـت کردنی هۆڵێکی وەرزشـــیدان، لەم بارەشەوە زاهیر رەشید سەرۆکی لێژنەی پاڕائۆڵۆمپی کوردســـتان بەگۆڤاری گوڵانی گوت: «ئێمە لـــە کابینەی پێنجەمدا بودجەیەکی ٣٧ملیـــۆن دیناریمان بۆتەرخان کـــرا بۆئەوەی چالاکییەکانی خاوەن پێداویســـتی تایبەت ئەنجام بدەین،بەڵام لەســـەرەتای ئەم ساڵەوە بودجەکە لە ٣٧ملیۆنەوە زیاد کرا بۆ ٦٠ملیۆن دینارگوتیشی بەم بـــڕە پارەیە توانیومانە چالاکییە وەرزشـــییەکانی خۆمانی پێ ئەنجام بدەین، بەڵام کێشـــەو داوکارییەکـــی زۆرگرنگمان هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لە پرۆژە بودجەی ســـاڵی ٢٠١٢دا بڕیاردرا بە دروست کردنی چوار هۆڵی وەرزشی لە هەریەك لە شارەکانی هەولێرو دهۆك و ســـلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بۆوەرزشکارە خاوەن پێداویســـتیە تایبەتیەکان کە پەسند کراوەلە پەرلەمانی کوردستانیش لەسەر بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان،بەڵام ئەوە نزیکەی ساڵێکی بەسەردا چوو تاکو ئێستا هیچ هۆڵێکمان بۆدروست نەکراوە بەڵکو هەر دەست بەکارەکانی نەکردوە کە ئەویش نیگەرانی لای وەرزشکارە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان دروست کردوە، تەنانەت ئێمەش وەکو لێژنەی پاڕائۆڵۆمپی کوردستان بارەگایەکی تایبەت بەخۆمان نیە، ئێمە بارەگاکەمان لە نێو ماڵانە گوتیشـــی مانگانە وەکو کرێ بارەگاکەمان یەك ملیۆن و ٦٠٠هەزر دەدەین بە کرێ خانوو، گوتیشـــی بۆهۆڵەکان کێشـــەی بەناو کردنی زەوییەکانیشمان هەبووە کە ئەویش ماوەیەکی زۆری خایاندلـــە هەولێرودهۆك کارەکانمان تەواو کردوە پارەشـــمان داوە تەنیا بەناو کردنی ماوە، بەڵام لە سلێمانی وگەرمیان ماوە،گوتیشی ئەو٦٠ملیۆن دینارە سەد لەسەد بەشمان ناکات بەڵام کارەکانیی خۆشـــمانی پێ بەڕێوە دەبین.گوتیشی ئەو هۆڵانە گرفتی سەرەکی ئێمەیە گوتیشی هۆڵەکانی تریش کە حکومەتی هەرێم دروستی کردووە ڕەچاوی کەم ئەندامان نەکراوە لە دروست کردنیان.





## غازی حوسێن:

# بڕینی مووچەی وەرزشوانـــە

***دەکرێ خۆت بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بناسێنیت ؟**

- نـــاوم غازی حوســـێن محەمەدە لە یـــاری تۆپی پێ و کاری ناوبژیوانیدا وەرزشـــوانی دێرینی شـــاری هەولێرم، لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی شاری هەولێرم، لە ساڵی ١٩٦٨ەوە لە تیپی شـــوڕتەی شاری هەولێر یاری دەکەم،کە یەکەمجار بوو دامەزرا، بەردەوام بووم تاکو ســـاڵی ١٩٨٠لەو ماوەیەشدا هەم بۆهەڵبـــژاردەی هەولێرو هەم بۆ یانەی هەولێریش یاریم کردووە، لە تیپە میللیەکانیشدا بۆتیپی سۆلاڤ یاریم دەکرد، بەڵام دواتر ڕێگەیان پێمان نەدا بۆیاری کردن، یانەی شورتە ڕێگەی بە ئێمە نەدەدا لەبەرئەوەی ماندوو دەبین کاریگەریی هەبوو لەسەر ئاستمان ماوەیەکی کەم یاریم بۆتیپی سۆلاڤ و گەڕەکی عەرەبان کردووە.

***چ جیاوازییەك لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ لە وەرزش کردن بەدی دەکەیت ؟**

- جیاوازییەکی زۆری هەیە، ئێستا وەرزش زۆر گرنگی پێ دەدرێت، کاتی خۆی کە ئێمە یاریزان بووین ئەو گرنگییەی پێ نەدەدرا، ئێمە لەبەر ئەوەی کە بووینە پۆلیس لەبەر نەبوون بە عەســـکەر ئەو کارەمان هەڵبژارد، ئێستا یاریزان دەتوانێت هەم بخوێنێت و هەمیش وەرزش بکات و ئاستی خۆی لەسەر ئاستی شارەکەی بەرز بکاتەوە.

***یادەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانت لە نێو جیهانی وەرزشدا چین ؟**

- بەڕاســـتی وەرزش یادەوەریی خۆش و ناخۆشـــی هەیە، خۆشـــترین یادەوەریم ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤بووینە پاڵەوانـــی ناوچـــەی باکوور، ئـــەوکات ئێمـــە بردمانەوە، ناخۆشـــترینیش شـــت ئەوەیە کە کێشـــە لەنێوان ناوبژیوان و جەماوەر ڕوودەدات ئەوە هەستێکی ناخۆشە، ئەوەی لە دەرەوەیە هەســـت بە ئازاری تۆ ناکات لە نـــاو یاریگادا، یادەوەرێکی ناخـــۆش بۆمن ئـــەوە بوو لە یاریی نێـــوان هەولێرو برایەتی لە ســـاڵی ١٩٩٣دا، حاڵەتێك بوو من لێدانی ســـزام ژمارد، ئەوکات تووشی کێشـــەیەکی زۆر گەورە بووم تاکو ئێستاش کاریگەریی لەسەرمن هەر ماوە.

*** ئەدی چ ساڵێك رووت لە بواری ناوبژیوانی کرد؟**

- لە ســـاڵی ١٩٧٩و١٩٨٠ وازمان لە وەرزشـــی تۆپی پێ هێنا کە یاریزانی هەڵبژاردەی هەولێربووین، لە ساڵی ١٩٨٠ مامۆســـتا سەلاح محەمەدکەریم خولێکی ناوبژیوانی کردەوە منیش بەشـــداریم تێدا کردو بوومە ناوبژیوانی پلە ســـێ، لە ســـاڵی ١٩٨٣ بوومە ناوبژیوانی پلـــە دوو، دواتریش خولێك بۆهەڵسەنگاندنی ناوبژیوانان کرایەوە،ئێمە کۆمەڵێك وەرزشکار بووین بووینە ناوبژیوانی پلە یەك لە ساڵی ١٩٨٥تاکو ساڵی ٢٠٠٥ ئێمە کاری ناوبژیوانیمان دەکرد، دوای ئەوەی ســـاڵی ٢٠٠٦ یەکێتیی تۆپی پێی کوردســـتان دروســـت بوو، کاك

# دێرینەکان کاریگەرییەکی زۆری هەبوو

غازی حوسێن یەکێکە لە وەرزشکارە دێرینەکانی شاری هەولێر، کە ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی وەرزشی شارەکەو کوردستاندا بووە،چ وەکو یاریزان یان وەکو ناوبژیوان، رۆڵێکی بەرچاوی لە بەرێوەبردنی یاریی خولەکانی لە شاری هەولێردا گێڕاوە، لە ئێستاشدا لە یەکێتیی تۆپی پێی کوردستاندا کاردەکات، ئێمەش بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە رەوشی ئەم وەرزشکارە دێرینە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.

دیمانە: کارزان کانەبی

سەفین کانەبی داوای لێ کردم واز لە ناوبژیوانی بهێنم و بێم لە یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان کاربکەم تاکو ئێستاش لەم یەکێتییەدا بەردەوامم.

***بۆچی بواری ناوبژیوانیت هەڵبژارد؟**

- ئەوکاتی هەر خۆمان کە یاریمان دەکرد یان دوو تیپ لە ناوخۆدا یاریی دۆستانەمان دەکرد، محەمەد خەلیلی رەحمەتی هەم راهێنەرمان بــوو هەم ناوبژیوانی پلە یەکی عێراق بوو، من و خالید رەسول، خالیس قۆجە هەرجارێك دەبووینە لایمەن، چونکە زانیاریمان هەبوو،دواتریش ئێمە مەیلمان کەوتە ســەر کاری ناوبژیوانــی، من حەزم لە راهێنەرایەتیش دەکرد بەس ناوبژیوانیم هەڵبژارد.

***لە کاتی خۆیدا کە یاریزان بوویت بە چ یاریزانێك سەرسام بوویت؟**

-بە یاریزان فاکیتی کە یاریزانێکی ئیتاڵی بوو،یاریزانێکی بەرگــری بوو لە لای چەپ یاریــی دەکرد،منیش لەم هێڵە یاریم دەکرد، لە کوردستانیش بە شاخەوانی رەحمەتی سەرسام بووم.

*** ئاســتی ناوبژیوانان لە چ ئاستێکدا دەبینیت و ئایا پێی گەشبینیت؟**

- من زۆر پێی گەشــبینم کاتی خۆی وەکو ئێستا نەبوو، ئێمە ٢٠ تا ٢٥ساڵ ناوبژیوانیمان کرد، بەهەمووی دووخولمان دیت ئێستا یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان ساڵانە یەك تا دوو خول دەکاتەوە و کۆمەڵێك ناوبژیوانی گەنج دروست بووینە و ئاستیان باشە بەوە خۆشحاڵ بووم.

***حکومەتی هەرێمی کوردستان تا چ رادەیەك هاوکاریی وەرزشوانە دێرینەکان دەکات؟**

- حکومەت بۆ وەرزشوانە دێرینەکان زۆر جار خەڵاتی کردوون، درێخی نەکردووە، بەڵام وەرزشوانە دێرینەکان بەم دواییە مووچەکانیان برا،ئەویش کاریگەرییەکی زۆری دروست کرد بۆکەم دەرامەتەکان، ئەوانی تریش هیچ کاریگەری نەبوو ئێستاش داوادەکەین مووچەکان بۆ ئەو کەمدەرامەتانە بگەڕێتەوە.

***لە دەرگای خۆشەویستیت داوە؟**

- بەڵێ یەکجار سەرکەوتووبووم.

***ئەگەر چەپکەگوڵێکت پێ بێت پێشکەشی کێی دەکەیت؟**

- پێشکەشــی هەموو گەلی کوردی دەکەم، لای من جیاوازی نییە هەمووم خۆشدەوێ.

***حــەزت دەکــرد بگەیتــە ئاســتی چ ناوبژیوانێك؟**

- پێشتر حەزم دەکرد نوێنەرایەتیی عێراق بکەم، بەڵام ئەوکات راگەیاندن بەم شێوەیە نەبوو،بەڵام زۆر بە کۆلینا سەرسامم.

***دەڵێن لەکاتــی خۆی یاریزانێکی زۆر توند و تیژ بوویت دژی یاریزانانی بەرامبەر؟**

- تونــدو تیژییەکە ئەوەبوو راهێنەر پێــی دەگوتین نابێ تۆپ بە تەنیشــتتدا بڕوات، ئێمە دەفــع دەبووین و کاپتنی تیپەکەشمان زۆر هانی دەدەین ئەوە توندو تیژییەکە بوو.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

-هیوای ســەرکەوتنتان بۆدەخوازم بەهیوای ئەوەم بەردەوام بــن لــە بەســەر کردنەوەی ناوبژیوانــان و یاریزانانی دێرین بۆئەوەی ئەوانیش بەبیر هاندەران بێنەوە.



## جۆلیۆ سیزار دەگەڕێتەوە شاری میلان

گۆڵچی هەڵبژاردەی بەرازیل جۆلیۆ سیزار بە نیازە لە کۆتایی ئەم وەرزەدا بۆندەکەی لەگەڵ یانەی کوینز پارك رینجەرزی ئینگلیزی هەڵبوەشێنێتەوە و پەیوەندیی بە یانەی ئەی سی میلانی ئیتالییەوە بکات، رۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانی رایگەیاند کە بۆندەکەی جۆلیۆ سیزار لەگەڵ یانەی کوینز پارك رینجەرز بڕگەیەك لەخۆ دەگرێت رێگا بە سیزار دەدات پەیوەندی بە یانەیەکی دیکەوە بکات




ئەگەر یانەی رینجەرز دابەزێتە خولی یانە پلە یەکەکانی ئینگلتەرا، رۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەدات کە راپۆرتەکانی هەواڵ لە ئیتالیاوە دووپاتی دەکەنەوە کە جۆلیۆ سیزار رەزامەندیی نیشانداوە بە گەڕانەوە بۆ شاری میلان بەڵام بۆ یانەی ئەی سی میلان، دوای ئەوەی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا گۆڵپارێزی یانەی ئینتەر میلان بووە .

جۆلیۆ سیزار تەمەنی ٣٣ ساڵە هەوڵ دەدات بەشداریی مۆندیالی بەرازیل ٢٠١٤ بکات لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی، بۆیە پێویستی بە یاریکردنە لەگەڵ یانەیەکی گەورە بۆ وەرگرتنی متمانەی راهێنەری بەرازیل لویس فیلیب سکۆلاری، لەهەمان کاتدا یانەی کوینز پارك رینجەرز پێویستە مووچەی یاریزانەکانی کەم بکاتەوە ئەگەر دابەزێتە خولی یانە پلە یەکەکان و دەستبەرداری بەشێکی دیکەی ئەستێرەکانی بێت .







# پێنج وەرزشکار بە وەرزش بەسەر نەخۆشیی شێرپەنجەدا زاڵبوون

لە جیهانی وەرزشدا رووداوی زۆر هەن کە کاریگەریی لە هاندەران و چاودێران دەکەن، بەڵام هەندێك حاڵەت لە هزری هاندەران و چاودێراندا دەمێنێتەوە بە تایبەتی ئەو وەرزشکارانەی کە لە رێگای وەرزش و بەرەنگاربوونەوە توانیان بەسەر نەخۆشیی شێرپەنجەدا زاڵبن، بەناوبانگترین پێنج وەرزشکار کە توانیان بەسەر ئەم نەخۆشییەدا زاڵبن و بگەڕێنەوە جیهانی وەرزشی بریتین لە:

* ئەریك ئەبیدال . تۆپی پێ

یاریزانی فەرەنسی ئەریك ئەبیدال یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەو وەرزشکارانەی کە توانی بەرەنگاری نەخۆشیی شێرپەنجە ببێتەوە و دوای ٤٠٢ رۆژ لە دوورکەوتنەوە گەڕایەوە یاریکردن لەگەڵ یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی و لەکاتی گەڕانەوەیدا پێشوازییەکی یەکجار گەرمی لێکرا .

* لانس ئەرمسترۆنگ . پایسکلسواری

پایسکسواری ئەمریکی لانس ئەرمسترۆنگ یەکێکە لەوە وەرزشکارانەی کە لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە هاتووە و پزیشکان رایانگەیاندبوو کە هەلی ژیانی تەنها ٤٠٪، بەڵام ئەرمسترۆنگ توانی بەرەنگاری ئەم نەخۆشییە ببێتەوە و گەڕایەوە جیهانی وەرزش و چەندین دەسکەوتی جیهانی تۆمارکرد، پێش ماوەیەك ئەرمسترۆنگ دانی بەوە دانا کە دەرمانی وزەبەخشی بەکارهێناوە و ئەوەش کاریگەریی لەسەر ژیان و کاروانی وەرزشیی ئەم یاریزانە هەبوو.

* لۆدمێلا ئینگویست . گۆڕەپان و مەیدان

کچە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی رووسی لۆدمێلا ئینگویست هەڵگری میدالیای زێڕ لە راکردنی ١٠٠ مەتر لە ئۆلۆمپیادی ئەتلانتا ١٩٩٦ چیرۆکێکی هاوشێوەی هەیە لە گەڕانەوە لە نەخۆشیی شێرپەنجە بۆ جیهانی وەرزش، لۆدمێلا لە ساڵی ١٩٩٩ تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو، بەڵام بە ورەیەکی بەرزەوە بەرەنگاری ئەم نەخۆشییە بۆوە و دوای چوار مانگ گەڕایەوە مەیدانەکانی راکردن و لە جامی جیهانی لە سیڤیلیای ئیسپانیدا میدالیای برۆنزیی بەدەست هێنا .

* خۆسێ مۆلینا . تۆپی پێ

مۆلینا گۆڵچی یانەی دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیای ئیسپانی بوو کاتێك تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە هات، لەدوای ململانێیەکی بەهێز لەگەڵ ئەم نەخۆشییەدا، مۆلینا گەڕایەوە یاریکردن لەگەڵ یانەکەی و ئێستا کاری راهێنەری دەکات.

* تیتۆ ڤیلانۆڤا . تۆپی پێ

لە ساڵی ٢٠١٢ راهێنەری یانەی بەرشلۆنە تیتۆ ڤیلانۆڤا تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە هات و دوای دوو قۆناغی چارەسەرکردن لەم نەخۆشییە کە دواییینیان لە شاری نیۆیۆرك بوو جارێکی دیکە تیتۆ گەڕایەوە کارەکەی و بە هیوای ئەوەیە لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە چەندین نازناو بەدەست بهێنێت.




# ئەرسنال هەوڵی هێنانی کاسیاس دەدات

ڕاپۆرتە هەواڵەکانی ئینگلتەرا پێشبینی ئەوەیان کرد یانەی ئەرسنال هەوڵەکانی خۆی دەست پێبکات بۆ مۆرکردنی بۆندێك لەگەڵ ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە هاوینی داهاتوودا، هەروەك ڕۆژنامەی دەیلی ستار بڵاوی کردەوە، یانەی ئەرسنال هەوڵ دەدات بارودۆخی کاسیاس لە یانەی شاهانە بقۆزێتەوە بە تایبەتی لەدەستدانی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکیی یانەی ریال مەدرید بە هۆی پێکان و هۆکاری دیکەوە .

کاسیاس پێش ماوەیەك ئاماژەی بەوەدابوو ئەگەری ڕۆیشتنی لە یانەی ریال مەدرید لە ئارادایە و لە چاوپێکەوتنێکدا کاسیاس گوتی : دەمەوێ هاندەرانی ریال مەدرید بە باشی یادم بکەنەوە، لە بیریان بێت چ کارێکم بۆ یانەکەم ئەنجام داوە، دەمەوێ ئەوەیان لە بیر بێت کە من بە شانازییەوە درێسی یانەی شاهانەم پۆشیوە .

کاسیاسی تەمەن ٣١ ساڵ پابەندە بە بۆندێك لەگەڵ یانەی ریال مەدرید تا ساڵی ٢٠١٥ و ڕۆیشتنی بۆ یانەی ئەرسنال بڕی ٢٠ ملیۆن یۆرۆی پێویستە، ئەرسنال لە گۆڵچییەکی لێهاتوو دەگەڕێت بۆ ئەوەی کێشەی گۆڵچییەکانی چارەسەر بکات بە تایبەتی دوای دابەزینی ئاستی گۆڵچی چیزنی کە متمانەی ڕاهێنەر ئارسن ڤینگەری لەدەست داوە.

کاسیاس خاوەن کۆمەڵێك دەستکەوتە لە گرنگترینیان دوو نازناوی خولی یانەکانی ئەوروپا و پێنج نازناوی خولی ئیسپانیا لەگەڵ یانەی ریال مەدرید و دوو نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ٢٠٠٨ و ٢٠١٢ و نازناوی مۆندیالی ٢٠١٠ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا .

# تۆرێس هەواڵی ڕۆیشتنی لە یانەی چێلسی ڕەتدەکاتەوە

ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی چێلسی ئینگلیزی فیرناندۆ تۆرێس ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە گوایە یانەی چێلسی بەجێدەهێڵێت و دووپاتیکردەوە تا کۆتایی بۆندەکەی لە ساڵی ٢٠١٦ لەگەڵ یانەی بلوز بەردەوام دەبێت، تۆرێسی تەمەن ٢٩ ساڵ لە لێدوانێکدا گوتی : من ئەوە ڕەت ناکەمەوە کە خۆم بە قەرزاری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەزانم، بەڵام من ئێستا یاریزانی یانەیەکی دیکەم و سێ ساڵ لە بۆندەکەم ماوە لەگەڵ یانەی بلوز، هێشتا زۆر شتی دیکەم هەیە پێشکەشی یانەی چێلسی بکەم و زۆری دیکەیش هەیە لەم کاتانەدا کەدەمەوێ بۆ خودی خۆمی بسەلمێنم پێش ئەوەی بڕیاری گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆم بدەم، بۆیە هەواڵی گەڕانەوەم بۆ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بە هیچ شێوەیەك ڕاست نییە .

تۆرێس لە ١١٦ یاریدا لەگەڵ یانەی چێلسی ٢٩ گۆڵی تۆمارکردووە و تا ئێستا هەوڵدەدات ئەوە بسەلمێنێت کە شایستەی ئەو برە پارەیە کە بۆ کڕینی خاوەنی یانەی بلوز ڕۆمان ئیبرامۆڤیچ خەرجی کردووە کەوای لە تۆرێس کرد ببێتە خاوەن گەورەترین بۆند لەو کاتی خولی ئینگلتەرا و یانەی چێلسی .

تۆرێس بە هۆی دابەزینی ئاستییەوە لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا دوور خرایەوە، لەمبارەیەوە نینۆ گوتی : بەڵین دەدەم ئەوەی لە توانام دابێت پێشکەشی بکەم بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ پێکهاتەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەم، هەنگاوی یەکەمیش یاری کردنە بە ئاستێکی بەرزەوە لەگەڵ یانەکەم کە هەلی گەڕانەوەم زیاتر دەکات، بێگومان گەڕانەوە بۆ پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانم .





# کیا بە هاوکاریی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان پاڵەوانیەتیی جامی کیشوەرەکان ئەنجام دەدات

لــە کۆنگرەیەکــی رۆژنامەوانیدا لــە هوتێل تانگرام لــە هەولێر کۆمپانیای NIM بۆ بازرگانی ئۆتۆمبیلی کیا لە هەرێمی کوردستان بــە هاوکاری یەکێتی تۆپی پێ کوردســـتان خولێکی تۆپی پێی پێنج یاریزانی (فۆتساڵ) بەناوی پاڵەوانیەتی (جامی کیشوەرەکان ٢٠١٣) بۆ تیپی کۆڵان و گەڕەکەکانی شـــارەکانی کوردستان لە شاری هەولێر ئەنجام دەدات. لەم کۆنگرە رۆنامەنووســـیدا هەریەك لە سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان و نیهاد زەخەرییا بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای نیم و ســـامان بریفکانی بەرپرسی ڕێکخستنی پاڵەوانیەتییەکە ئامادە بوون و لە بارەی پاڵەوانیەتییەکە روونکردنەوەیان دا.

بریفکانی هەروەها باســـی لە چۆنیەتی بەشداریکردنی پاڵەوانیەتی ئەمســـاڵ کرد و گوتی «٦٤ تیپ لەســـەر ئاســـتی تیپی گەڕەك و کۆڵانەکانی شارەکانی کوردستان بەشـــداریی دەکەن، پێوستە تەمەنی یاریزانی بەشـــداربوو لە ١٨ ســـاڵ بەرەو ســـەرەوە بێت، هەر تیپێك لە هەر پارێزگایەکی کوردســـتان بیەویت بەشـــداری بکات پێویســـتە لە رۆژی دووشەممەوە تا ١٥ ئەم مانگە نوێنەرێکیان سەردانی ئۆفیسی کۆمپانیای کیا بکات بۆ ناونووســـینی تیپەکەی. هەر تیپێکیش بە ٦ یاریزان بەشدار دەبێت.

ســـامان بریفکانی سوپاسی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستانی کرد کە ئاســـانکاری تەواوییان لە رووی تەرخانکردنی ناوبژیوان و یاریگە بۆ بەڕێوەبردنی خولەکە کردووە و خولەکە بە هاوکاری ئەو یەکێتییە بەڕێوە دەچێت.

پاشان سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان گوتی: «ئێمە وەکو یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان هیچ بەرژەوەندییەکمان لەگەڵ کۆمپانیای کیا مۆتۆرز نییە، تەنیا بە مەبەستی ئەوە هاوکارییان دەکەین کە خزمەتی وەرزشـــی ئەو وڵاتە دەکەن و دەستخۆشییان لێ دەکەین کە بۆ ساڵی دووەم هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەو پاڵەوانیەتییە.

ســـەفین کانەیی گلەیی لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی کوردســـتان کرد کە بـــە ڕێژەیەکی خەیاڵی ســـوودمەندن لە هاووڵاتیانی کوردســـتان، بەڵام تا ئێســـتا نەیانتوانیوە خزمەتی وەرزشـــی ئـــەو وڵاتـە بکەن لە ڕێگەی پاڵەوانیەتییەکی لەم شێوە و هیوای خواست کە کۆمپانیاکانی کوردســـتانیش چاو لە کۆمپانیای کیا بکەن و هـــەر کۆمپانیایەکیش پێوستی بە هاوکاری یەکێتیی تۆپی پێ کوردستان بێت بە خۆشحاڵییەوە هاوکاریان دەبین .

لە کۆتاییشـــدا نیهاد زەخەرییا بەڕێوەبـــەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای نیم، تاکە بریـــکاری کۆمپانیای کیا لە هەرێمی کوردســـتان گوتی: «دڵخۆشم بەوەی ئەمساڵیش لە ڕێگەی پاڵەوانیەتییەکی تۆپی پێیەوە خزمەتـــی لاوانی ئەو وڵاتە دەکەین، ســـوپرایزیش بە تیپی براوە دەدەم کە ســـەفەری وڵاتی بەڕازیل دەکەن و لەوێشەوە بەشداری لە خولێکی تۆپی پێ دەکەن کە ١٠تیپی وڵاتانی جیهان بەشـــدارن بە ناوی جامی کیشـــوەرەکان –کیا، کە هاوکات دەبێت لەگەڵ جامی کیشـــوەرەکانی ٢٠١٣ لە بەڕازیل.

نیهاد زەخەرییا سوپاســـی یەکێتیی تۆپی پێی کوردســـتانی کرد کە هاوکارییان بووە لە بەڕێوەچوونی پاڵەوانیەتییەکە.

جێی باسە پاڵەوانیەتییەکە بە شێوازی دەرچوونی دۆڕاو بە یەك یاری بەڕێـــوە دەچێت، کە ١٩ی ئەم مانگە لە یاریگەی پرۆژەی هەدەف لە هەولێر بەڕێوە دەچێـــت و یاریی کۆتاییش لە ٣-٥ ئەنجام دەدرێت، کە پێشـــبینیی دەکرێ یاریی کۆتایی لە هۆڵێکی داخراو بێت و دیاری و ســـوپرایز بۆ جەماوەری ئامادەبوو لە لایەن کۆمپانیای نیم-ەوە ئامادە بکرێت.

# زاخۆ نازناوی خولی باسکەی کوردستانی بەدەستهێنا



دوای ئەنجامدانی چەندین یاری لە خولی باسکەی نایابی یانەکانی کوردســـتان تیپی باســـکەی یانەی زاخۆ ئەم وەزرە نازناوەکەی بۆشـــاری زاخۆی دەلال بردەوە، لە یاریی کۆتایی خولەکەشدا لەشاری دهۆك ڕووبەڕووی یانەی دهۆك بووەوە، ســـەرەڕای ئەوەی کە لە یارییەکەدا تووشـــی شکست هات لەبەرامبـــەر یانەی دهۆك بە ئەنجامـــی (٦٧-٥٦)خاڵ،بەر لە ئەنجامدانـــی یارییەکەش یانەی زاخۆ نازناوی خولەکەی بۆخۆی یەکلایی کردبـــووەوە، یاریزانانی باســـکەی یانەی

## کوڕان و کچانی سیروانی نوێ بوونە پاڵەوانی یانەکانی سلێمانی

بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردن و گرنگی دانی زیاتر بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە شاری سلێمانی، بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی گۆڕەپان ومەیدانی لقی سلێمانی، پاڵەوانێتیی گۆڕەپان ومەیدانی یانەکانی سنوری پارێزگاری سلێمانی بەڕێوەچوو، لەم پاڵەوانێتییەش کە لەسەر یاریگای یانەی سلێمانی بەڕێوەچوو بەبەشداری هەریەك لە یانەکانی (سیروانی نوێ بە دوو تیپ و پیرەمەگروون و دووکان و شەهیدان و سەرچنارو یانەی خاکی کەرکوکیش وەکو میوانی پاڵەوانێتییەکە) بەشداربوون لە هەردوو ئاستی کچان وکوڕان، یاریزانانی بەشداربووی یانەکان لە هەردوو ئاستدا کێبرکێی بەهێزیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی پێشەوەی خوولەکە، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

ئاستی کچان

١-سیروانی نوێ ئەلف ٩٤خاڵ

٢-سیروانی نوێ ـبێ، ٧٢خاڵ

٣-دووکان ٣٧خاڵ

ئاستی کوڕان

١-سیروانی نوێ ٨٧خاڵ

٢-پیرەمەگرون ٦٤خاڵ

٣-دووکان ٤٨خاڵ

هەردوو یاریزانان ئەردەلان تۆفیق لە ئاستی کوڕان بە ١٥خاڵ و شەمام سەمەد بە ٢١خاڵ لە ئاستی کچان لە یانەکانی پیرەمەگرون وسیروانی نوێ بوون پاڵەوانانی یاریزانان.





## پێشمەرگەی سلێمانی و شوڕتە سەرکەوتن بۆخولی بژاردەی بالەی عێراقی

دوای ئەوەی لە شاری هەولێر یارییەکانی خولی بالەی نایابی یانەکانی عێراقی لە گرووپی باکوور و کوردستان بۆسەرکەوتن بۆخولی بژاردەی عێراقی کە یارییەکانی بۆماوەی یەك هەفتە لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، تێدا هەریەك لە یانەکانی (شوڕتە و هەولێرو شەقڵاوە و پێشمەرگەی سلێمانی و هیت و حەبانیە و مەسافی) کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلێتەکانی خولی بژاردە، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری لە نێوان تیپە بەشداربووەکانی خولەکە هەریەك لە یانەکانی شورتەی شاری بەغداو پێشمەرگەی سلێمانی گەیشتنیان بۆخولی بژاردەی عێراقی مسۆگەر کردو توانیان بگەنە خولی بژاردە، هەریەك لە یانەکانی شەقڵاوە و مەسافی پلەکانی سێیەم و چوارەمیان بەدەستهێنا لە شاری بەغدا، یارییەکانی گەیشتن ئەنجام دەدەن لەگەل هەریەك لە یانەکانی بەحری و کوفە یارییەکانی بە شێوەی خول ئەنجام دەدەن ودوویانەش سەردەکەوێت بۆخولی بژاردە و کۆی یانەکانیش دەکاتە شەش یانە و ڕۆژی ١٩ی ئەم مانگە یارییەکانی بە شێوەی چون و هاتن ئەنجام دەدەن بۆڕکابەری کردن بۆبەدەست هێنانی نازناوی خولەکە.ئەوەی جێگای تێبینی بوو یانەی هەولێر نەیتوانی سەرکەوێت بۆ یارییەکانی کۆتایی خولەکە.

زاخۆ ئەم وەرزە بەسەرپەرشتیی ڕاهێنەری سربی توانییان ئاستێکی بەرز لە خولەکە پێشکەش بکەن و بەر لە چەند یارییەکیش نازناوی خولەکە بۆخۆیان یەك لایی بکەنەوە، لە مەڕاسیمێکی شایستەشدا لە شاری دهۆك لە هۆڵی یانەی یانەی وەرزشی دهۆك لەلایەن بەرپرسانی یەکێتیی تۆپی باسکەی کوردستان خەڵات و میدالیای سەرکەوتن بەسەر یاریزانان و تیپەکان دابەشکرا.ئەم خولەش لەلایەن یەکێتیی ناوەندیی باسکەی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکرا.